**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە (١٧١) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠**

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠، و پشتبەست بە بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٩) لە یاسای ماف و ئەركەكانی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی بە نووسراویان ژمارە (١٦٠٤٧) لە ٢٠٢١/١٢/٢٠، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندكردنی ڕەشنووسی پەیڕەوی تایبەت بە (پێكهاتە و ئەركەكانی لیژنەكانی لێكۆڵینەوەی پیشەیی لە وەزارەتی تەندروستی) بە ڕەچاوكردنی دوو گۆڕانكاری: یەكەمیان ئامادەبوونی داواكاری گشتی لە لیژنەكانی لێكۆڵینەوە پێویستییە نەك بژاردە هەروەك لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٩) لە یاسای ئاماژەپێدراوی سەرەوە هاتووە. دووەمیشیان زیادكردنی بڕگەیەك بۆ پەیڕەوەكە كە لە حاڵەتی هەر بابەتێك كە لە پەیڕەوەكە نەهاتبوو ئەوا كار بە ڕێسا گشتییەكان دەكرێت بەتایبەتیش یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی و یاسای سزادان و یاسای ڕێكارەكانی دادگاییە سزاییەكان.

٢. ڕاسپاردنی سكرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگیی وەزارەتی تەندروستی بۆ پێداچوونەوەی پەیڕەوەكە لەبەر ڕۆشنایی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە و بەرزكردنەوەی بۆ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئیمزاكردن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**